# چەند جار وتم !



تەیب جەبار

چەند جار وتم !
بڵاوە بە باران مەکەن ،
با لە بنج و بناوانی ..
ئەو هەورە چاڵە بکۆڵمەوە .
با بزانم ، بۆچی باڵای ..
ئەو درەختە درەنگە ؟
با بزانم ، بۆچی رووبەری ..
ئەو گردە کورتە ؟
با بزانم ، بۆچی تەمەنی ..
ئەو جۆگەیە نزمە ؟
با بزانم ، بۆچی بۆنی ..
ئەو تەمە تەنگە ؟

چەند جار وتم !
سرووەی بینین بخەنە گەر ،
نەك بومەلەرزەی نهێنی ..
بەرێوە بێت .
بە بروسکە بڵێن ..
بربرەی خۆی نەشارێتەوە ،
با دەماری وێڵ بوون دەرکەوێ .

چەند جار وتم !
رێگا لە بەرزبونەوەی ..
ئەو گەردەلوولە بگرن .
نەوەك خاكی مانگ ..
شل بێتەوە و دڵۆپە بکا.

چەند جار وتم!
چاوەرێی سوارێك مەکەن ،
شارەزای فەرمانی کارگێری ..
کوێرە رێ نەبێ .
سەر لە پێچ و پەنای ..
تەمی ئەسێرە دەرنەکات .
چاوەرێی سوارێك مەکەن ،
نازانێ هەنگاونانی ئەسپەکەی ..
بژمێرێ و رێکیبخات .